**بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**بەڕێز سەرۆکی زانکۆی کۆیە**

**مامۆستایان و خوێندکارانی ئازیز**

**ئامادەبوانی خۆشەویست...**

**بەیانیتان باش...**

**دوای سوپاس و پێزانینمان بۆ بانگهێشتی زانکۆی کۆیە، بۆ ئامادەبوون لە کۆنفرانسی(بەرەو دەستورێکی هاوچەرخ بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق)، وای دەبینین هەڵبژاردنی بابەتی ڕەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستان، لەم کاتەدا بۆ خستنە بەر باس و خوێندنەوە، بژاردەیەکی زیرەکانەو سەرنج ڕاکێشە، بۆیە لە ڕوانگەی باپەندی پەرلەمان بە زەمینە سازی و هاندانی قسەو باسی ئەکادیمیانە لەسەر پرۆسەی ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستان بۆ ڕاپرسی، ئامادەبوونمان لەم کۆنفرانسە بە ئەرکێکی سیاسی و قانونی دەزانین.**

**بەڕێزان...**

**هەرێمی کوردستان لە خۆیدا هەرێمێکی مێژووکردی پشت ئەستور بە بڕیاری ژمارە (22) ی ساڵی 1992 ی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێڕاق، کە ڕاستەوخۆ وەك بەرهەمی ڕاپەڕینی مەزنی گەلەکەمان لە بەهاری (1991) وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی پەرلەمانیدا، یەکلایەنە لە لایەن نوێنەرانی گەلی کوردستانەوە، بڕیاری لێدرا.**

**چونکە بژاردەی پەرلەمانی کوردستان بە پێی مافی ڕەوای چارەی خۆنوسین لەو قۆناغە مێژوویی یەدا، ڕەسمکردنی وێنای دەستوریی قەوارەکە بوو وەك هەرێمێکی فیدراڵی، و تا پەسەند کردنی دەستوری عیراقی لە ساڵی 2005، ئەم**

بژاردەیە ڕەهەندێکی واقعی ئەوتۆی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی وەرگرت، کە هێز و لایەنە عیراقیە بەشدارەکان لە نووسینەوەی دەستوری عیراقی فیدراڵ وەك خۆی قبوڵیان کرد، بگرە بووە بنەمای پێناسە کردنەوەی دەوڵەتی عیراقی لەبەر ڕۆشنایی ئەو دۆخە مێژوو کردە، و سیستەمی فیدراڵی پەرلەمانی لە دەستورەکە دا چەسپی و لە ماددەی (120) یدا دەسەلاتی دانانی دەستوری هەرێمەکانی سەلماند بە دەقنووس کردنی:- (هەرێم، بۆخۆی دەستورێك دادەنێت، کە پەیکەری دەسەلاتەکانی هەرێم و دەسترۆییەکانی و میکانیزمی ئەو دەسترۆییانە دیاری بکات، بە جۆرێك لەگەڵ ئەم دەستورەدا ناکۆك نەبێت).

ئەم دەقە بووە سەرەتای قۆناغێکی نوێی ئیلهام بەخش، بۆ دامەزراوەی پەرلەمان و دەستە بژێری سیاسی و حیزب و لایەنە سیاسیەکان، بۆ ئەوەی بیر لە نووسینەوەی پڕۆژەی دەستورێك بۆ هەرێمی کوردستان بکەنەوەو هەنگاوە کرداریەکانی دەست پێبکەن، چونکە پێش دەستوری فیدراڵی ساڵی 2005، واتە ساڵی 1992 تا 2005 پاساوی بە کرداری نەکردنی خواستی دانانی دەستور بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەبوو، کە ئێمە خۆمان ئیقرارمان کردووە وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە یەکێتیەکی فیدراڵیدا لەگەڵ عیراق بمێنینەوە بۆیە دەبێت چاوەڕێی چارەنووسی دەوڵەتی عێراق بکەین، هەرچەندە بڕوام وایە دەبوو ڕاستەوخۆ دوای پێکهێنانی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 1992 هەرێمەکەمان ببێتە خاوەنی دەستوری خۆی، ئەگەر چی دەستورێکی کاتیش بووایە، چونکە لە ڕووی واقعی یەوە هەرێمی کوردستان لە نێوان ئەو دوو بەروارەدا، هیچ پەیوەستی و پاشکۆیەتیەکی یاسایی، ئیداری، دارایی بۆ دەوڵەتی عیراق نەمابوو.

هەر لەو چوارچێوەیەشدا لە نێوان ئەو جەدەلیەتەی سەبارەت بە مافی دانان و دانەنانی دەستوری هەرێم هەبوو، پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (26)

له دانیشتنی ڕۆژی (2002/11/7)، پـرۆژەی دەسـتورێکی پەسـەند کـرد، بـەڵام نەخرایـە ڕاپرسـی و، دواتـر بـە بڕیـاری ژمـارە (5) ی پەرلـەمان لـە دانیشـتنی 2005/9/8 ، لیژنەیـەکی (19) کەسـی لـە دەرەوەو نـاوەوەی پەرلـەمان بـۆ نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستوری هەرێم پێکهێنـراو، ئـەوان پرۆژەکـەی سـاڵی 2002 یان کردە بنەماو، پەرلەمانیش بە یاسای ژمـارە (16) ی سـاڵی (2008) دەسـەڵاتی دا بەسـەرۆکایەتی پەرلـەمان و حکومـەتی هـەرێم و لایەنـە پەیوەندیدارەکان کـە بـە هەمئاهـەنگی ڕۆژێـك بـۆ ڕاپرسـی لەسـەر ڕەشنوسـەکە دیـاری بکـەن، دوای ئـەوەی بـە دەنگـی (3/2) ی ژمـارەی ئەنـدامانی پەرلـەمان پەسـەند دەکرێـت و دواتـر بـە یاسـای ژمـارە (9) ی سـاڵی (2009) ڕۆژی (2009/7/25) بۆ ڕاپرسی لەسەر ڕەشنووسەکە دیـاری کـرا، بێگومـان ئەمـەش دوای پەسـند کردنـی بـە بڕیـاری ژمـارە(8) ی سـاڵی 2009 بـەدەنگی (95) پەرلـەمانتار لـە ڕۆژی 2009/6/24 ، بـەڵام کۆمسـیۆنی باڵـای سـەربەخۆی هەڵبژاردنـەکانی عێـراق لـە 2009/7/6 پۆزشـی هێنایـەوە لـەوەی کـەناتوانێت ڕاپرسیەکە ئەنجام بدات ، بۆیە بە ناچاری بەیاسای ژمارە (10) ی سـاڵی 2009 ، جارێکی تـر دەسـەڵاتی دیـاری کردنـی ڕۆژی ڕاپرسـی درایـەوە بـە سـەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دیاری کردنی ڕۆژێکی تر بـۆ ڕاپرسی و ماوەکە هەر بەکراوەیی مایەوە، تا ئەوکاتەی خوڵی چارەمی پەرلەمانی کوردستان، بە یاسای ژمـارە (4)ی سـاڵی 2015، لیژنەیـەکی (21) ئەنـدامی بـۆ ئامادەکردنـەوەو هێنانـە کایـەی سـازان لەسـەر پـرۆژەی دەسـتوری کوردسـتان - عیراق، دروست کرد، و تەواوی یاساو بڕیارەکانی پێشتری سـەبارەت بـە دەسـتوری هەرێم هەڵوەشاندەوە ، و بەمەش گەڕاینەوە چوارگۆشەی یەکەم.

ليژنەكە دەستی بە كارەكانی كردو، بە پێی ماددەی سێ یەمی یاسای ژمـارە (4) دەبوو لەماوەی (90) ڕۆژدا كارەكانی تەواو بكات، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەشنووسی هەموو پرۆژە پەسندكراوەكانی تر لەلایەن پەرلەمان هەڵوەشـێنرایەوە، لیژنەكـە سەر لە نوێ ماددە ماددە دەستی بە نووسینەوە كرد و، دوای نووسـینەوەی زیـاتر لە (70) ماددە، وادە (90) ڕۆژیەكە تەواو بوو، ئەوكات دەبوو پەرلەمان بە پێـی پێویست كاتی تر بە لیژنەكە بدات، بەلاَم بە هـۆی نـاكۆكی لایەنـە سیاسـیەكان و داخسـتنی دەرگـای پەرلـەمان و شـەڕی ڕووبـەڕوو بوونـەوەی داعـش، بابـەتی ڕەشنووسی دەستوری هەرێمی كوردستان نەبووە ئەولەویەت و بایەخی پێویستی پێ نەدرا.

لە ئێستادا دوای ئەو هەموو هـەوراز و نشـێویەی ڕەشنووسـی دەسـتوری هـەرێمی كوردستان پێیدا تێپەڕی و، دوای ئەزموونی حكومڕانیەك كە تەمەنی لـە (27) ساڵ زیاترە، دوای پەسند كردنی دەستوری عیراقی فیـدراڵ، ڕاسـتەوخۆ (2) سـاڵ دوای ڕووخـانی ڕژێمـی بەعسی فاشیسـت، هـەر پاسـاو و بیانویـەكی دامـەزراوە دەستوریەكان، حیزبە سیاسیەكان، دەسـتەبژێری سیاسـی بـۆ دواخسـتنی زیـاتری ئامـادەكردنی دەسـتورێكی هاوچـەرخی گەلپەسـەند، لۆژیـك و واقیعـی پشـتیوانی نابێت و بگرە كەمتەرخەمییەكە كە لە ئایندەدا باجەكەی دەدەین.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو باوەڕەمان، بـە زەروریـەتی سود بیـنین لـە كـات و دەرفـەتی ڕەخساوی ئێستاو، بۆ ڕێگە گرتن لـە هـەر مەترسـیەك لەسـەر قـەوارەی هـەرێمی كوردسـتان، سـەرۆكایەتی خـولی پێنجـەمی پەرلـەمانی كوردسـتان، دەستپێشـخەریەكمان لـە پێنـاوی زەمینەسـازی بـۆ كاراكردنـەوەی لیژنـەی تایبەتمەندی ئامادەكردنی دەستور كرد و، بەسەردانی حیزبە سیاسیە براوەكـانی هەڵبژاردن دەستمان پێكرد، بڕیاریشە ئەو حیزب و لایەنە سیاسیانەی كەچانسی

بردنــەوەی هەڵبـژاردنیان نــەبووە بانگهێشتی پەرلـەمانی کوردسـتانیان بکـەین و ڕوانگەی خۆمان بۆ ئەوانیش بخەینە ڕوو.

بەڵام ئەم کۆنفرانسە دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی ڕایبگەیەنین، کە ئەگـەر پێشـتر هێزە سیاسیەکان لە سەر خاڵە ناکۆکەکان سەبارەت بە دەستوری هـەرێم نەگەنـە ڕێکەوتن ، ئەوا کاراکردنەوەی لیژنەکە ئـەو ئەنجامـەی نابێـت کـە چاوەڕوانیمان بۆی هەیە، و لەو خاڵانەدا دەگەنە بنبەست کە لـە بنەڕەتـدا جێگـەی نـاکۆکین چ لە نێوان خودی لایەنە سیاسیەکانی هەرێم، یان لە نێوان هەرێم و بەغدا.

بەگشتی، دیاری کردنی سنوری هەرێمی کوردستان لە ڕەشنووسی دەستورەکە لەم هـەل و مەرجـەی ئێسـتای ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی هـەرێم، بابەتێکـە دەخـوازین زانکۆکـان، پسـپۆڕان و ئـەکادیمیان ڕۆڵیـان هـەبێت لـە دۆزینــەوەی چارەسەرێکی یاسایی ئەوتۆ کە نەبێتە مایەی دژیەکی لەگەڵ دەسـتوری فیـدراڵی و هاوکــات ناچــاریش نــەبین کــە وەك بەشــێك لــە کوردســتان و جوگرافیــای کوردستان لە ڕەشنووسی دەسـتوری هەرێمـدا دەسـتبەرداریان ببـین، بـۆ ئەمـەش بیرۆکـەی ئیزدیواجیـەتی سروشـتی دەسـتورەکە لـە نێـوان (هەمیشـەیی بـوون) بۆ سنوری چوار پارێزگاکەی هەرێم و (کاتی بوون) بـۆ کـەرکوك و ناوچـە کێشـە لەسەرەکان، بیرۆکەیەکە کە دەبێت بە ووردی و وریایی وەك بژاردەیەك تـاوتوێی بکەین.

هاوکات سەرچاوەی یاسادانان لە هـەرێمی کوردسـتان بابـەتێکی تـرە، کـە دەشـێت مایەی ناکۆکی بێـت، و دەبێـت خـاڵی هاوبـەش بدۆزینـەوە بـۆ بەیـەك گەیانـدنی ئەو ناکۆکیانە، بژاردەکانیش تـا ڕادەیـەك دیـارن ، یەکـەمیان دانانـەوەی مـاددەی (2) ی دەستوری فیدراڵی وەك خۆی، دووەمیان دانانی بژاردەیەکی تایبـەت و بـە دارشتنێکی کوردسـتانیانە جیـاواز لـەوەی لـە مـاددەی (2) دا هـاتووە، سـێهەمیان

دانەنانی هیچ ماددەیەکی تایبەت بەسەرچاوەی یاسا دانان ، و بەجێهێشتنی ئەو بابەتە بۆ فەلسەفەی هێزی براوە بۆ تەشریع، هەرسێ بژاردە یارای ئەوەن کات و توێژینەوەو خوێندنەوەیان بۆ تەرخان بکرێت، و لایەنی باش و خراپیان تاوتوێ بکرێت، کە بێگوومان کۆنفرانسی زانستی و کۆڕو مەجلیسی ئەکادیمیانە، بابەتیانە ترو بەدەر لەهەر کاریگەریەك دەتوانێت ئەفزەلیەتی یەك لەو بژاردانە بەسەر ئەوانی تردا بسەلمێنێت، چونکە دواجار ئەسڵ ئەوەیە توێژەر دەبێت بێلایەن بێت و داماڵراوبێت لە کاریگەری ئایدۆلۆژیاو حیزب و نفوز.

دوایین خاڵێك كە ڕەنگە لیژنەی ئامادەكردنەوەی ڕەشنووسی دەستوور بەبێ ڕێككەوتنی هێز و لایەنە سیاسیەكان نەتوانێت دایبڕێژێت، بابەتی سیستمی حوكم و ووردەكاری سیستەمەكە و پەیكەری دەسەلأتەكان و دەستڕۆییەكانیان، و شێوازی پەیوەندیانە بەیەكەوە.

بەگشتی نزیك ترین ڕێگە بۆ گەیشتن بە ڕەشنووشی دەستورێك بۆ هەرێمەكەمان ، ئەوەیە خاڵی هاوبەشی جیاوازیەكان بدۆزینەوە و هەرلایەك سازش لە سەر هەندێ لە خواستەكانی بكات، بەمەرجێك سازش نەبێت لەسەر ماف و ئازادییەكان و ئایندەی پرۆسەی دیموكراتی و پێكەوە هەڵكردن لە هەرێمی كوردستان .

لەكۆتاییدا هیوای سەركەوتن بۆ كۆنفرانسەكەتان دەخوازم و بۆ هەمیشە سەرفراز بن.